خەبات
#SupportKurdistan
XEBAT
Thu, 11. Jan. 2018 No: (5429)

KHABAT www.xebat.net
info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
کارگێڕی: 07504514857 دهۆک: 07504688380 - 07504456553 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231




## ئەمڕۆ یەکێتی نووسەران نەجم خالید لەئامێز دەگرێت

لەدرێژەی چالاکییەکانی خۆیدا یەکێتی نووسەران-لقی هەولێر ئێوارە کۆڕێک بۆ (نەجم خالید) سازدەکات. نووسەر لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی: ڕۆژی پێنج شەممە (11/1/2018) لەبارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر کۆڕێکم هەیە بەناوونیشانی (دیوانی چڕاوی تریفە لە نێوان داهێنان و بەخۆچوونەوەدا). هاتن بۆ هەموانە و هیوادارم هەمووتان لە سەعات (4)ی ئێوارە لە وێ بەختەوەرمان بکەن.

## سوودەکانی خۆشتن بە ئاوی سارد

**ئا: وریشە عومەر**

ئەگەر لەو جۆرە کەسانەیت بەئاوی سارد خۆت ئەشۆیت، ئەوا لەسەری بەردەوام بە، چونکە چەندین سوودی تەندروستی بۆ مرۆڤ هەیە لە گرنگترینیان:

1- خۆشتن بەئاوی سارد چارەسەرێکی باشە بۆ رزگاربوون لە ئازار و گرژبوونی ماسولکەکان، بەتایبەت دوای وەرزشکردن.

2-ئاوی سارد یارمەتیدەرە بۆ زیاتر سووتانی چەوری و یەکەی گەرمی.

٣- ئاوی سارد بۆ تەندروستی قژ و پێست باشە، بەو پێیەی یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی زەیتی سروشتی کە لەسەر قژ و جەستە هەیە، هەروەها پێست تازە ئەکاتەوە.

٤- خۆشتن بەئاوی سارد مێشک ئارام دەکاتەوە و سنوورێک بۆ قەلەقی و دوودڵی دادەنێت.








## ئەلکساندەر پوشکین (شای شاعیران)

**شنە کۆیی-ئەڵمانیا**

پوشکینی رۆمانئوس و شانۆکار لە 6ی یونیوی ساڵی 1799لە مۆسکۆ لەخێزانێکی دیار لە دایکبووە و بە خۆشییەکانی ژیان نەشونمای کردووە و گەورەبووە. باوکی پوشکین شاعیرێکی ناودار بووە کەبووەتە هۆی گەشەکردنی حەزی شیعرنووسین لای پوشکین. پوشکین بەشێوەیەک شیعری نوسیووە کەتاک بووە لەنێو هاوتەمەنەکانی، چونکە شیعری وەک گێڕانەوە نووسیووە، واتە چیرۆکی بە شیعر نووسیووەتەوە، هەروەها بەزمانێک نووسیوویەتی کە زۆر ئەستەمە وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دیکە، چونکە لە بەکارهێنانی وشەدا پشتی بە کلتوور و رۆشنبیری رووسی بەستووە. ئەم شێوازە لەبەکارهێنانی وشەی پڕمانا زۆریش لە رۆمانەکانیدا هەستی پێکراوە و وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ پوشکین حساب دەکرێ.

لە ساڵی 1817دا وەک فەرمانبەرێک لە وەزارەتی دەرەوە لە سانت پترسبورگ دەست بەکار دەبێت و هەر لەو کاتەدا تێکەڵ بەسیاسەت دەبێت و پاڵپشتی ئەو شۆڕشە دەکات کە لە دیسیمبەری 1825بەرپابوو. پوشکین زۆر قەسیدەی سیاسی نووسیووە کەبۆتە هۆی دەرکردنی لە سانت پترسبورگ و دورخستنەوەی بۆ قەوقاز و قرم کەشەش ساڵ لەوێ ماوەتەوە، بەڵام لە کاری نووسین دانەبڕاوە و قەسیدەی (یفجینی ئوجنین)ی نووسیووە کە یەکێکە لەناودارترین قەسیدەکانی و دواتریش لەلایەن تشایکوفسکیۆ وەک ئۆپێرا لە سەرتەختی شانۆ پێشکەشکراوە کەئەمەش زۆرتر ناوبانگی بۆ پوشکین پەیداکردووە.

بەشێک لەبەرهەمەکانی: روسلان و لودمیلا 1820، دیلی قەفقاس 1822رۆژهەڵات 1824،چیرۆکەکانی پیلکین 1831کچی فەرماندە 1836،لە 29یانیوەری 1837لە سانت پترسبورگ کۆچی دوایی کردووە .. ئەوەی جێی سەرنجە پەیکەری کە سێکی رووسی داهێنەر لە وڵاتی ئەڵمانیا کە هەزاران کیلۆمەتر دووری وڵاتی خۆی پەیکەری بۆ دروست کراوە. پرسیار ئەوەیە لێرەدا تۆ بڵێی هونەرمەندان و نووسەر و رۆشنبیرانی ئێمەی (کورد)یش رۆژێک نەیەت کە شار و وڵاتانی تر برازێننەوە.

## نفیسەرێن دهوکێ وەرزێ خوێ رەوشەنبیری یێ زڤستانا 2017 ب سێ چالاکییان ب دوماهی ئینا





**راپورت : مسلح خەبات دهوک**

ل روژێن (26و27و28) مەها 12سالا 2017 ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد لقێ دهوک سێ چالاکیێن رەوشەنبیری رێکخستن بو ئەنجامدانا چالاکیێن رەوشەنبیری ل دور ڤان هەر سێ چالاکییان بەرێز حسن سلێڤانەیی سەروکێ لقێ دهوک یێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد بو روژنامەیا خەبات ئاخفت وگوت: دچارچوڤێ وەرزێ رەوشەنبیری یێ زڤستانێ ل دوهیا سالا 2017سێ سمینار هاتنە دەستپێکرن ئەوژی بڤی رەنگی بوون:

1- ل روژا 26-12-2017)د.فازل عمر) سمینارەک بناڤێ (مروڤێ هندا دناڤبەرا مێژویێ وسەردەمیدا) پێشکێش کر.

2- ل روژا 27-12-2017) انور محمد تاهر) سمینارەک بناڤێ (رومان نڤیسێن جیهانێ چاوا رومانا دنڤیسن) وچەند رومان نڤیسەک وەکو نمونە بەرچاڤکرن.

3- ل روژا 28-12-2017روژنامەڤان ونڤیسەرێ کورد (احمد زاویتی) سمینارا خو ل دور ناساندنا رومانا خو یا بناڤێ (هروب نحوه القمه) کو ب زمانێ عەربی هاتیە نڤێسین بەرچاڤکر وپشتی بەرچاڤکرن وگەنگەشەکرنێ پەرتوک هاتە ئیمزاکرن وبەلافکرن.

ل دور ئارمانجا سازکرنا ڤان سمیناران سەروکێ لقێ دهوک گوت: ئارمانج ئەوە ئەم پتر ئەدیب ورەوشەنبیرا ل هەڤ کومبکەین و بارێ رەوشەنبیریا گشتی خوتر بکەین ئەڤەژی وەکو ئەرکەکی یە ل سەر ملێن مە وەکو نڤیسەرێن کورد وبو سالا نوو (2018) یێ مە لبەرە وەرزەکێ نوو یێ رەوشەنبیری سازبکەین ول روژا 10-2-2018 بهەلکەفتا بورینا ((48سالا ل سەر دامەزراندنا ئێکەتیا نڤیسەران یا گشتی چەند چالاکیێن رەوشەنبیری ئەنجامدەین.

حسن سلێڤانەیی ئەو یەک ژی گوت : لڤان روژێن دەربازبوی مە شیایە ژمارە 75ژ کوڤارا (پەیڤ) یا لقێ دهوک یا ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد چاپکەین ودانینە بەر دەستێ رەوشەنبیران وبڤێ هەلکەفتێ سوپاسیا جەنابێ پارێزگەرێ دهوکێ بەرێز فەرهاد ئەمین دکەین کو ژدەمێ کریزا دارایی پەیدابوی جەنابێ وی هاریکاریا مە کریە بو چاپکرنا کوڤارا پەیڤ.

ل دوماهیێ ژی سەروکێ لقێ دهوکێ یێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد گوت: مخابن ئەڤە سێ سال ونیڤە بودجا مە هاتیە راوستاندن ومە پێ باشە ئەڤ بودجە بهێتە ڤەگەراندن وهەکە هەموو ژی نەبیت نیڤەکا وێ بیت دا بشێین بەردەوامیێ ب دەینە چالاکیێن خو یێن رەوشەنبیری وئەدەبی چونکو رەوشەنبیری هاریکارە بو ئاڤاکرنا جڤاکەکێ ساخلەم لەورا پێدڤی یە پشتەڤانیا چالاکیێن رەوشەنبیری بهێتە کرن.

## نیزام شوکر بەرهەمێکی بڵاوکردەوە



**خەبات: هێمن ئاری**

هونەرمەند نیزام شوکر ،یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لەنێو بواری میوزیک و هونەری کوردی خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە و هەگبەی هونەری پڕە لەکاری جوان و خاوەن جەماوەر و گوێگرێکی تایبەت بەخۆیەتی.. هونەرمەند نیزام شوکر، لەدەستپێکی کارە هونەرییەکانییەوە توانی جەماوەرێکی باش لەدەوری کارە هونەرییەکانی کۆبکاتەوە، بەتایبەتیش لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە بڵاوکردنەوەی چەند بەرهەمێک بوو بەیەکێک لەدەنگە دیارەکانی ئەوکات لەگۆڕەپانەکەدا و تا ئێستا بێ پچڕان بەردەوام بەرهەمی پێشکەش بە گوێگرانی کردووە. ئەمساڵیش لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێدا، هونەرمەند نیزام شوکر لەچەند ڕۆژی ڕابردوو تازەترین ئەلبوومی خۆی خستە بازاڕەوە کە کۆمەڵێک گۆرانی دەگرێتەخۆ بەشێوازێکی تازە کاری لەسەر بەرهەمەکانی ئەم ئەلبوومە تازەیە کردووە.